# یەکێتی نیشتمانی لەبەردەم ڕاسپاردەی سۆسیال ئەنتەرناسونالەکان

فەرەیدون حەمەڕەشید سویسرا
faraidun_73@hotmail.com



لەچەندرۆژی ڕابردوودا 30/6/2008 ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسونالیزمی جیهانی 23 هەمین کۆنگرەی خۆی لەووڵاتی یۆنان بەست.لەم کۆنگرەدا جگەلە گرنگی بەشداری چەند پارت وڕێکخراوێکی کوردی هەڵبژاردنی کەسایەتیەکی کورد بەجێگری سەرۆکی سۆسیال ئەنتەرناسونالەکانی جیهان دەستکەووتێکی سیاسی جیهانی یە.؛

نۆزدە ساڵ دوای لەخوێندا سوورکردنی شۆڕشگێڕەکانی کۆمۆنەی پاریس، لەفەرەنساساڵی 1889 ڕێکخراوی نێوونەتەوەی سۆسیالیستەشۆڕشگێڕەکان دامەزرا بەڵام لەهاناوی ئەنتەرناسونالیزمی دووەم دا لەسەرئاستی ڕابەرایەتیدا لەگۆنگرە کۆمەڵێک بەسۆسیال دیموکراتەکان ناسران سەرەڕای ئەوەی لەوقۆناغەدا بەکەسانی لادەر وئۆپۆرتۆنیست ودژەبەرژەوەندییەکانی کرێکاران وزەحمەتکێش ناسران.بەڵام بەهاتنی شۆڕشی مەزنی بەلشەفیکیەکان و دواتر بەلاڕێدابردنی شۆڕش بەدەستی دیکتاتۆری زەبەلاح ستالین وململانێکانی نێوان کامپی سۆسسیالیزمی درۆینە و کاپیتالیزم لەسەرجەستەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی،زیاترسۆسیال دیموکراتەکانی کردەنموونە بۆڕێگەچارەی سیاسی، لەساڵی 1933 کاتێک دەسەڵاتی نازیەکان ترس وسڵیان لەچەپرەوی پارتی سۆسسیال دیموکراتی ئەڵمانیاکردەوە کاری سیاسی ئەو پارتەیان قەدەغەکرد (هێربەرت فرام) کەسایەتی ناسراوی سۆسیال دیموکرات ناوی خوازراوی (ڤیلی برانت)ی لەخۆیناو تاکۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم و ووردوخاشبوونی دەسەڵاتی نازیەکان لەئاوارەیی لەووڵاتی نەرویج و سوید ژیانی بردەسەر..بەڵام دوای بەتەواوی خۆسازدانەوەی سوسیال دیموکراتەکان لەکۆنگرەی ساڵی 1951 بۆژیانێکی باشترونزیکبوونەوە لەعەدالەتی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتن لەبەهاکانی مرۆڤایەتی،سوسیال دیموکراتەکان بوونەسەرخەتی سیاسەتێکی جیهانی.؛سۆسیال دیموکراتەکانی جیهان ئەمرۆلەهەرتیئۆرو‌ئایدۆلۆژیاو ڕێکخراوێکی سیاسی دیکەشانسی گەیشتنەکورسی دەسەڵاتیان لەباروفەراهەمترە،ئەوەش جگە لەباگراوەندی مێژووی وشۆڕشگێڕانەی خۆی لەئەمرۆی ململانێی سیاسیدا خاوەنی مەزنترین ئاپۆرەی جەماوەری وڕێکخراوەین بەتایبەت لەسەرئاستی کۆمەڵگاپێشکەوتووەکاندا،هەمووئەم دەسکەوت وپێشرەویانەی سۆسیال دیموکراتەکان لەنزیککەووتنەوەی کارنامەوڕێگەچارەی سیاسیانە لەسەرباشترکردنی گوزەرانی ژیان وبەرقەرابوونی کەم تازۆرێکی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەسەرئاستی تاک وخێزان وکۆمەڵگا کە بەتایبەتی لەسەرئاستی ئەوروپاو ووڵاتانی ڕۆژئاوایی بەئاسانی جێدەستیان دەبینرێت .؛

هەڵبژاردنی پیاوێکی وەک مام جەلال وەک کوردێک بەجێگری سەرۆکی ڕێکخراوێکی بەرچاوکارای

قۆناغەسیاسییە پڕململانێکانی   مێژووی ئۆروپاوجیهان کە لەئەمڕۆشدا زیاترلە150 پارتی جیهانی تێدابەشدارە، دوورلەخانەی پیاهەڵدان ووتنەوەی ڕیاکارانە،دەستکەوتێکی بەبڕشت ودیاری ئەمڕۆی دونیای سیاسەتە.؛لەبەرامبەرئەم دەستکەوتەدا چ کوردوەک کێشەسیاسیەکەی،چ یەکێتی نیشتمانی وەک حزبێکی باڵادەستی عێراق وکوردستان دەکرێت سوودمەندبێت وئاراستەی سیاسەت وگوشەنیاگاکانی خۆی تیا بباتەپێشەوە بۆ نزیکبوونەوە وگەیشتن بەئامانجەگرنگ وستراتیژەکان.؛

 کورد چ وەک پارتەبەشداربووەکانی کۆنگرە  و چ وەک بوونی مام جەلال دەکرێت لەمینبەری فراوانی سوسیال دیموکراتەکانەوە ببێتەئەونوێنەرایەتیەی خەڵکی کوردستان بەگشتی بۆ پشتگیری وبەئەکتیڤکردنی پرسی نەتەواییەتی  وپیشاندانی  هەوڵ وتێڕوانینەکانی کۆمەڵگای کوردی بۆژیان لەدیدێکی سکولارو سۆسیال دیموکرات دا بەڕای گشتی جیهان بگەیەنێت.؛

بەدوای بوونی یەکێتی نیشتمانی بەئەندامی هەمیشەیی سوسیال دیموکراتەکانی جیهان و بوونی مام جەلال بەکەسی دووەمی ئەوڕێکخراوە،دەکرێت یەکێتی نیشتمانی کوردستان  لەقاڵبی تەنها گوزارشت لەخۆکردنی حیزبێکی سوسیال دیموکرات بێتەدەرەوەو بەئاراستەی هەرچی زیاتری کرانەوەوشەفافیەتی سیاسی هەنگاوی پراکتیک هەڵگرێت بۆهەرچی زیاترکاراکردنی کۆمەڵگا بەتایبەتی ژنان ولاوان ،دەکرێت   لەدەستاودەستکردنی دەسەڵات وفەراهمکردنی زیاتری ئازادییە سیاسییەکان لەکوردستان  پشگیری شێلگیرانەبکات.ئەمڕۆیەکێتی حیزبێکی باڵادەستی کوردستان وعێراقە،ئەمڕۆعێراق بەکەشێکی پڕلەناعەدالەتی کۆمەلایەتی و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دواوەگەڕانەوەی کۆمەڵگایە بۆکەشێکی کۆنزێرڤاتیڤانە  بۆیەدەبێت لەوئەرکەی کەلەعێراقدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە نزیککەووتنەوەبێت بەڕووی پارت وڕێکخراوە عەلمانی و دیموکراتەکان لەژێرچەتری بەرەیەکی سۆسیال دیموکراتی ڕاستەقینەدا ،تابێتەهۆکار وبەدەستهاتنەوەی مافە فەردی ومەدەنیەکانی کۆمەڵگای عیراقی لە چنگ مۆتەکەی کۆنەخوازی کەلەئەمڕۆدا وەک تارماییەکی ترسناک بەسەرکۆمەڵگادا دێت ودەچێت، تا ئایندەی ژیانێکی باشترلەڕووی سیاسی و ئابووری ئاسایشدا بێتە بەرهەمی ئەوڕاسپاردە گەورەیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ومام جەلال لە23 هەمین کۆنگرەی سوسیال ئەنتەرناسونالەکان پێی سپێردراوە.؛؛